www.kurdistannet.org 17-10-2003

# خالید ڕەشید
## زمانحاڵی غەریبان

حەمەسەعید حەسەن

من بە ئەوین دەژیم، ئاخر شاعیر بێ ئەوین ناژی. ئەوە ئەوینی ئاوازی وشەی جوان و ئازادە، لێ ناگەڕێت، دڵم لە لێدان بسرەوێت. لەم غەریبییە، شتێک ئۆخژنێکم پێ ببەخشێت، سەمای وشەیە. وشە لە سەروەختی گۆرانیدا، سەرقاڵی جوانترین سەمایە. سوپاس بۆ ئەو گۆرانبێژانەی چریکەی وان نەبووایە، بەرگەی غەریبیم نەدەگرت.

خالید ڕەشید ساڵی ١٩٧٥ کە خوێندکاری ناوەندی دەبێت، بۆ یەکەمین جار لە فێستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانیدا، بۆ چرینی گۆرانی دەچێتە سەر شانۆی قوتابخانەی خالدییە. ساڵی ١٩٧٧ لە تەلەڤیزیۆنی کەرکووکەوە یەکەمین پارچە موزیک پێشکەش دەکات و ئیدی وەک ژەنیار لە ڕێی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانییەوە، بەرەو دنیای هونەر بە ڕێ دەکەوێت و ئەوە چارەکە سەدەیەک زێترە، ژیانی بۆ موزیک و گۆرانی تەرخان کردووە.

خالید ڕەشید بە لێهاتوویەوە ئامێرەکانی پیانۆ، عوود، دەف، قانوون، کلارنێت، شمشاڵ، فلووت و باڵەبان دەژەنێت، ئاوازدانەرێکی داهێنەرە و سەمفۆنیاکانیشی لە ئاستێکی هونەری هێندە بەرزدان، لە لایەن تیپی نۆڤی ئۆپێرای مۆسکۆوە ژەندراون. بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی مامەڵە لەگەڵ باڵەباندا دەکات و وزەی نوێی لەو ئامێرە دێرینەدا بینیوەتەوە.

خالید ڕەشید ١٩٩٣ لە سلێمانی، تیپی فۆلکلۆریی کوردستان دادەمەزرێنێت و چەند ساڵێک لە ڕێی ئەو کەناڵەوە خەریکی چالاکی نواندن دەبێت و چەپکێک گۆرانی بۆ هونەرمەندان بەهجەت یەحیا، دانا غەنی، دارا محەمەد عوسمان و عومەر خەزان ئامادە دەکات. لە سوێدیش دەستی کۆمەک و هاوکاری بۆ هونەرمەندان: ناسر ڕەزازی، نەجمەی غولامی، میکایل، کاوە حەمەساڵح و ئەحمەد بەرزنجی درێژ دەکات.

١٩٩٥ لە ڕێی مەد تیڤی و بە هۆی گۆرانیی (ئەمان)ەوە، خالید ڕەشید بۆ یەکەمین جار خۆی وەک گۆرانیبێژ دەناسێنێت. ئەو بێجگە لەو گۆرانییە نوێیانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و دەیانچڕێت، گۆرانیی فۆلکلۆریشی دوای نۆژەنکردنەوە و دەستتێوەردانێکی مامۆستایانە، بە تێکستی تازەوە، گوتووەتەوە، لەوانە: هەرمێ، های لە دوور و هەناری گوڵ هەناری. لە بواری گۆرانیی زازایی و کرمانجیشدا کاری هێژای کردووە.

١٩٩٧ بە کۆششی قادر دیلان و خالید ڕەشید تیپی ئۆرکسترای نەتەوەیی دادەمەزرێت. ١٩٩٨ (دەزگای کولتوور)ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی سوێد، لەسەر هەردوو سیدیی غوربەت و خەڵوەت ستیپێندیۆمێکی ١٤٠ هەزار کرۆنی بە خالید ڕەشید دەبەخشێت. (١) بەرهەمەکانی بریتین لەم سیدی و کاسێتانە:

(١) غوربەت ١٩٩٦ گۆرانی و موزیک. کۆمپانیای بودای فەرەنسایی ١٩٩٧ بۆ جاری دووەم بڵاوی کردووەتەوە.

www.kurdistannet.org 17-10-2003

(٢) گۆرانی و موزیک ١٩٩٦ ئەکادیمیای کوردی/ ئەڵمانیا.

(٣) خەڵوەت ١٩٩٨ گۆرانی و موزیک

(٤) باڵەبان ١٩٩٧

(٥) تاراوگە، سیمفۆنیا بە بەشداری تیپی (نۆڤی ئۆپێرا ـ مۆسکۆ) و ئامادەکردن و دابەشکردنی ڤیکتۆر رافایللو.

(٦) ئەشقنامە، گۆرانی (٢)

خالید رەشید گۆرانی بۆ کورد، بۆ کوردستان و بۆ خۆشەویستی دەڵێت. بە ئاسمانی ئیشە رەسەنەکانییەوە، ئەستێرەی سۆزێکی سۆفییانە گەش گەش دەدرەوشێتەوە. ئەو راستگۆییەی لە کارەکانی دەچۆرێت، تیشکێکە بەربەست ناناسێت و ژووری رۆحمان رووناک دەکاتەوە. ئیشەکانی زادەی رەسەنایەتییەکن کە گوێت لە دەنگی دەبێت، مەلی خەیاڵ بۆ پەرستگایەکی زەردەشتیت دەباتەوە. لەو روانگەیەوە کە خودا خۆی لە بوونەوەرە جوانەکاندا دەنوێنێت و ئینسان دەتوانێت لە ئاوێنەی هەموو بوونەوەرێکی جواندا، ئیدی کانییەکی نیشتمان بێت، یان ژنێکی جوان، خودا ببینێت، دەکرێت زۆر لە گۆرانییەکانی لە خانەی هونەری سۆفیدا پۆلێن بکرێن.

ئەوی تاڵاوی غەریبی نۆشی بێت، تامەزرۆیانە گوێی بۆ رادەدێرێت، ئاخر زەحمەتە هیچ هونەرمەندێکی کورد هێندی وی راستگۆیانە گیانی بە بەر غەریبیدا کردبێت. لە دەنگیدا سۆزێک بۆ دووری لە نیشتمان هەیە، مەگەر لە دەنگی باوکێکی جگەرگۆشە ئەنفالکراودا هەستی پێ بکرێت.

کوێتزێ دەڵێت: ئەدەب گەمەیە. نووسەری زیرەک گەمەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، نووسەری بلیمەت گۆرانکاری لە رێساکانی گەمەکەدا دەکات. ئەم بۆچوونە بۆ هونەریش دەست دەدات، خالید رەشید توانیویەتی برێک لە رێساکانی گۆرانی و موزیک بگۆرێت، بە تایبەتی کە هاتووە گۆرانیی نیشتمانیی بە شێوازێکی نوێ گوتووە و کارێکی کردووە، باڵەبانی لێو بە خەندە، خەمی لێ بچۆرێت.

وەک چۆن ئاو خۆرسک لە سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، کە گوێ لەم هونەرمەندەش دەگریت، وا هەست دەکەیت لە گەروویەوە نا، لە ناخی دەروونییەوە، کە هەواری راستگۆییە، ئەوینێکی راستەقینە و هەستێکی ناسک و سۆزێکی گەرم هەڵدەقوڵێت.

ئەوی ئەو دەیچرێت، نە گۆرانییەکی میللیە، نە کلاسیکە، نە مۆدێرن، گۆرانییەکە هاوزەمان هەموو رەگەزە جوانەکانی ئەو سێ شێوازەی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. ئەو لە قەفەزی شێوازێکی تایبەتیدا گیری نەخواردووە، بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە و لەگەڵ هەموو گۆرانییەکی نوێیدا، بەرەو رووی شێوازێکی تازەمان دەکاتەوە، ئاخر ئەو تەنیا گەمەکەی کۆنترۆڵ نەکردووە، بەڵکوو هەمیشە لە هەوڵی گۆرینی رێساکانیشیدایە. (بووکی ئێوارە)کەی یەکێکە لەو گۆرانییانەی کە پێشبینی ئەوە دەکەم لە قەفەزی زەمان دەرباز ببێت و بە نەمری بمێنێتەوە.

تاقە لایەنێک کە بەردەوام لە لای دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە، گوێگر گۆرانییەکانی دەناسێتەوە کە کوردین و خۆی لە ناویاندا دەبینێتەوە. ئەو راستگۆترین زمانحاڵی ئاشقان و غەریبانە و کارەکانی جوانترین سیمای هونەری کوردین لە تاراوگە.

خالید ڕەشید یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی لە بواری خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلە بندەستەکەیدا، شمشێری موزیک و گۆرانیی بە ڕووی داگیرکاراندا هەڵکێشاوە. داگیرکاران ئەگەر وەک داگیرکارانی کوردستان هاوزەرمان ڕاسیستیش بن، لە هەوڵی ئەوەدان، نەک هەر کولتووری نەتەوەی بندەست تێک بشکێنن، بەڵکوو تەنانەت کار بۆ ئەوەش دەکەن، پێوەندییەکانی نێوان ئەندامانی یەک بە یەکی خێزانەکانی گەلی ژێر دەست بشێوێنن و هەرچی شتی هاوبەشی نێوانیان هەیە، کاڵ و کاڵتریان بکەنەوە و ئەو داوە ڕۆحییانە بپسێنن کە بە یەکتریانەوە دەبەستێتەوە. هونەری خالید ڕەشید چونکە لە سەرچاوەیەکی ڕوونی کوردییەوە ئاو دەخواتەوە و کۆششێکی سەرکەوتووە بۆ بەرز و زیندوو ڕاگرتنی لایەنە گەشەکانی کولتووری کوردەواری، بەربەستێکە لەبەردەم ئەو هەوڵە چەپەڵانەی داگیرکارانی کوردستاندا.

لەوساوە ئەو شیعرە ناسکەت بۆ گوتووم،

هەست دەکەم جوانتر بووم.

مرۆڤ لە چارەی نووسراوە، دەبێت لە هەموو هەلومەرجێکدا، خەریکی خەبات بێت. هونەری باڵا هەرگیز بێ لایەن نییە، هەمیشە لایەنی شتە گەشەکان دەگرێت، لە هەوڵی سڕینەوەی لایەنە دزێوەکاندایە و لە پێناوی جوانترکردنی ژیاندا، سەرقاڵی خەباتە. خالید ڕەشید لەمێژە دەرکی بەم ڕاستییە کردووە و بۆ گەیاندنی پەیامی پیرۆزی هونەر، ڕێبوارێکە دڵسۆز و شارەزا.

2003. 10. 05

(١) ستیپێندیۆم: کۆمەکێکە بە هونەرمەندان و نووسەرانی داهێنەر دەبەخشرێت.

(٢) تاراوگە و ئەشقنامە کە بەم زووانە بڵاو دەبنەوە، نووسەری ئەم دێڕانە گوێی لێ گرتوون.